# ناوە جوان و سیفەتە بەرزەكانی خوای گەورە لە سورەتی (الإخلاص) دا

م/ : عبدالغفور عبدالله

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده:

**فەزڵ و گەورەیی سورەتی (الإخلاص):**

ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە كە: پێغەمبەر ¢ پیاوێكی نارد بەسەر بەشێك لە سوپایەكدا، وە ئەم پیاوە لە نوێژەكانیدا كە بۆ هاوەڵەكانی دەكرد كۆتاییەكەی بە سورەتی ﴿قل هو الله أحد ﴾ دەهێنا، وە كاتێك گەڕانەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەر ¢ باس كرد، ئەویش فەرمووی: پرسیاری لێ بكەن بۆچی وای كردووە؟ پرسیاریان لێ كرد، ئەویش ووتی: چونكە ئەم سورەتە سیفەتەكانی خوای گەورەی تێدایە، وە منیش ئەو سیفەتانەم خۆش دەوێن و حەز دەكەم بیان خوێنم، پێغەمبەر ¢ فەرمووی: ( هەواڵی بدەنێ بەوەی كە خوای گەورەش ئەوی خۆش دەوێت)[1].

وە هەر ئیمامی بوخاری لە ( أبي سعيد)ەوە دەگێڕێتەوە كە: پیاوێك گوێی لە پیاوێكی تر بوو سورەتی: ﴿قل هو الله أحد﴾ی دەخوێندو دووبارەی دەكردەوە، كاتێك بەیانی داهات، پیاوەكە هات بۆ لای پێغەمبەر ¢ و ئەوەی بۆ گێڕایەوە، وەك ئەوەی پیاوەكە ئەمە بەكەم بزانێت، پێغەمبەریش ¢ فەرمووی: (سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، ئەم سورەتە سێیەكی قورئانە)[2].

وە زانایان دەربارەی ئەوەی كە ئەم سورەتە سێیەكی قورئانە فەرموویانە: قورئان كۆمەڵێك زانستی گەورەو فراوان

---

(١) (رواه البخاري: ٧٣٧٥).

(٢) (رواه البخاري: ٧٣٧٤ – ٥٠١٣ – ٦٦٤٣).

دەگرێتە خۆی، وە ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ سێ زانستی سەربەخۆ؛ ئەوانیش:

١- حوكم و شەریعەت، كە ئەویش زانستی فیقهـ دەگرێتەوە لە عیبادەت و معامەلات و......هتد.

٢- پاداشت و سزا لەسەر كردەوەكان و ئەو هۆكارانەی كە دەبنە مایەی پاداشت و سزا بۆ خاوەنەكانیان لە خێرو شەڕ.

٣- زانستی تەوحیدو بە تەنها خوا پەرستی و ئەوەش كە پێویستە لەسەر بەندەكان لە ناسینی و زانیاری بوون دەربارەی و ئیمان پێ بوونی، وە ئەمەش لە سەروو هەموو زانستەكانی ترەوەیەو لە هەموان گەورەترەو بنچینەو بناغەكانی تەوحیدی لە خۆ گرتووە.

وە وتراویشە قورئان هەواڵ دەدات دەربارەی سێ شت:-

١- هەواڵ دانە دەربارەی ناوو سیفاتەكانی خوای گەورە، كە سورەتی (الإخلاص) دەیگرێتەوەو بەشێك لەو سیفەتانەی لە خۆ گرتووە.

٢- هەواڵ دانە دەربارەی دروست كراوەكان؛ وەك هەواڵ دان دەربارەی ئوممەتانی پێشوو، وە ئەو ڕووداوانەی كە ئێستاو داهاتوو ڕوو دەدەن.

٣- هەواڵ دانە دەربارەی حوكم و فەرمانەكان: وەك: أقيموا، آتوا، لا تشركوا، ...... وە ئەوانەش كە بەم شێوەیە بن.

وە هەروەها یەكێكە لەو سێ سورەتانەی كە شەوانە پێغەمبەر ﷺ كە دەچووە سەر جێگای خەوتن دەیخوێندن، ئیمامی بوخاری لە عائیشەی دایكی ئیماندارانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرمووێت: (هەر كاتێك پێغەمبەر ﷺ هاتبا بۆ سەر جێگاكەی دەستەكانی كۆ دەكردەوەو سورەتەكانی ﴿قل هو الله أحد﴾ و ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ و ﴿قل أعوذ برب الناس﴾ی دەخوێندن و فوی بە دەستەكانیدا دەكردو ئەوەندەی دەستی گەیشتبایە لاشەی دەستی پێدا دەهێناو لەسەرو دەم و چاویەوە دەستی پێ دەكردو ئەمەی سێ جار دووبارە دەكردەوە[٣].

---

(٣) (رواه البخاري: ٥٠١٧، وأبو داود: ٥٠٥٦، والترمذي: ٣٤٠٢ وغيرهم).

**هۆی دابەزینی سورەتەکە:**

هــۆی دابەزینەكــەی ئــەوەبوو كــە موشـریكەكان بــە پێغەمبــەریان ﷺ وت: وەسـفی خواكــەتمان بـۆ بكــە؟ خـوای گـەورەش لـە وەڵـامی موشـریكەكان ئـەم سـورەتە پــیرۆزەی دابەزانــد)[٤]، كـــە دەفـەرمووێت: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ اللَّهُ الصَّمَدُلَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ [الإخلاص: ١-٣] .

**واتاو لێكدانەوەی ئایەتەكان:**

﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ بڵـێ: خـوای گـەورە تـاك و تەنهایـەو هیچ هاوشێوەو وەزیـرو وێچوو شـەریك و هاوەڵێكی نییە.

وە بەڵگەشــە لەســەر نــەفی كردنــی هەموو جۆرە شەریك و هاوەڵێك لە خـوای گـەورە لـە هـەموو ڕوویەكـەوە، لـە زات و سیفات و كردەوەكانیـدا، هـەر وەك چۆن بەڵگەیە لەسەر تەنهایی خوای پـاك و بـێ هاوتا لە گەورەیی و تـەواوی و بـەرزی لـە هەموو سیفەتەكانیدا، وە بۆیەشە وشـەی (أحد) دانانرێـت تـەنها بـۆ خـوای گـەورە نەبێت، كـە زۆر فـراوانترو پـڕ مانـاترە لـە (واحد).

﴿اللَّهُ الصَّمَدُ﴾ واتـە: ( خـوای گـەورە بـێ پێویـستە لــە هــەموو شـتێك و بــە پێچەوانەوە هەموو شتێك پێویستی بەوەو هەر ئەو جێگای نیازو ئومێدو مەبەستە).

وە ابن عباس (ڕەزای خوای لـێ بێـت) لە تەفسیری ئەم ئایەتـەدا دەفـەرمووێت: ( خــوای گـــەورە ســـەروەرو گەورەیــەو خــاوەنی هــەموو شـتێكەو سـەروەری و گەورەییەكــەی گەیــشتۆتە ئــەو پــەڕی تــەواوێتی، وە خــاوەن شـكۆو پایــەدارو بـــەرزەو گەیـــشتۆتە ئەوپـــەڕی شـــكۆو پایــەداری، وە گــەورەیی بــێ كۆتاییــەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی گـەورەیی، وە هێـدی و لەســـەر خـــۆو ئـــارامگرەو گەیـــشتۆتە ئەوپـەڕی لەسـەر خـۆیی و ئـارامگری، وە دەوڵەمەنــدو بــێ پێویــستەو گەیــشتۆتە ئەوپـــەڕی دەوڵەمەنـــدی، وە خـــاوەن دەسەڵاتێكی زۆرەو گەیشتۆتە ئەوپـەڕی دەسـەڵاتی، وە زانـاو ئاگـادارە بەهـەموو دروست كراوەكانی و گەیشتۆتە ئەوپەڕی زانـایی و بـە ئاگـایی، وە كـار بـەجێ و لێزانـەو كـار بـەجێی و لێزانـی گەیشتۆتە

---

(٤) (رواه الترمذي: ٣٣٦٤، وأحمد: ١٣٣/٥، وصححه الألباني في: صحيح الترمذي: (٢٦٨).

ئەو پەڕی، وە ئەو خوایەیە کە سەروەری و پایەداری و هەموو سیفەتەکانی تری لەو پـەڕی تـەواوێتی و گەورەییـدان، وە هـەر ئـەو خوایـە خـاوەنی ئـەو سـیفەتانەیەو ناگونجێت دابنرێت تەنها بـۆ ئـەو نـەبێت، کە هیچ وێچوو هاوشێوەی نیە).

(ابو القاسم الطبري) لە کتێبی (السنة)دا دەڵێت: ( هەر خوای پەروەردگار جێگـای نیـازو مەبەسـت و پـشت پـێ بەسـتنە بـۆ دابین کردنـی پێویـستیەکان و لـەو پـەڕی پایە بەرزی دایـەو نـاخوات و ناخواتـەوەو هـەر خـۆی دەمێنێـت لـە دوای دروسـت کراوەکانییەوە).

لەمــەوە بۆمــان دەردەکــەوێت کــە ســیفەتی (الــــصمد) نــاوو ســیفەتێکی کۆکەرەوەیـە بـۆ هـەموو سـیفەت و نـاوە تەواوو جوانەکانی خوای پەروەردگار، وە کۆکەرەوەیـە بـۆ هـەموو سـیفەتە کـەم و ناتەواوەکانی دروست کراوەکانی، چونکە هــەموو دروســت کراوەکــان پێویــستیان بەخوایەو خوای گەورە پێویستی بە هـیچ لە دروست کراوەکـانی نییـە. دوای ئـەوە خوای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ .

واتـە: ( کەسـی لـێ نـەبوەو لـە کەسـیش نەبووە، وە هیچ وێنەو هاوشێوەی نیە).

وە دیسان ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گـەورە لەوپـەڕی تەواوی سیفەتەکانی دایەو تاکو تەنهاو بێ پێویـستە لـە هـەموو شـتێك، وە لەبـەر تـەنهایی و بـێ پێویـستیەتی لـە هـەموو شــــتێك و گــــەورەیی و تــــەواوێتی سیفەتەکانیەتی؛ کـە هـیچی لـێ نـەبووە، چونکە هەروەك دیارە کە باوك پێویـستی بە منداڵەکانێتی لە بواری خزمەت کردن و بـەخێوکردن و هاوکـاری کـردن لـەکاتی تەنگانەداو هەروەها بـۆ بـەردەوام بـوونی نەوەو وەچەکانی.

﴿وَلَمْ يُولَدْ﴾ واتە: ( لەکەسیش نەبووە)، چـونکە ئەگـەر لـە یـەکێك بووبێـت، ئـەوا بـاوك لـەپێش ئـەودا دەبـوو، لـە کاتێکـدا خوای گەورەو باڵا دەسـت یەکەمـەو هـیچ شتێك لە پێش ئـەوەوە نـەبووە، وە ئـەو دروســت کــارەو غــەیری ئــەو هــەمووی دروست کراون، کەواتە چـۆن دەگونجێـت لەدایك بووبێت؟!

وە هــەروەها خــوای گــەورە لــە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت:

﴿ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [الأنعام: ١٠١] .

واتە: ( خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە، چۆن دەگونجێت کە خوا منداڵی ببێت، لە کاتێکدا خوای گەورە خێزان و هاوسەری نییە؟! وە ئەوەی لە بووندا هەیە هەمووی خوای گەورە دروستی کردوون، ئیتر چۆن شتێك لەدروست کراوەکانی خۆی؛ دەبێتە وێنەو هاوەڵ بۆی؟! وە خوای گەورە بە هەموو شتێك بەئاگایەو زانیاری ئەو دەوری هەموو شتێکی داوە).

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا﴾ [مريم: ٨٨-٩٣] .

واتە: ( موشریك و بت پەرستەکان دەیان ووت: خوا منداڵ و نەوەی بۆ خۆی داناوە، بەڕاستی ئێوە شتێکی زۆر گەورەو هەڵەو نابەجێتان هێناوەتە کایەوە، وە لەبەر گەورەیی ئەو قسەیە خەریکە ئاسمانەکان درزیان تێ بکەوێت و زەویش لەت و پەت بێت و شاخ و کێوەکانیش بەسەر یەکدا بکەون و بڕمێن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە منداڵیان بۆ خوا داناوە، لە کاتێکدا نابێت و ناگونجێت و شایانی گەورەیی و پایەداری ئەو نییە کە منداڵی ببێت، چونکە هیچ هاوشێوەو وێچویەکی نییە، بەڵکو هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەموویان بەندەی خوای گەورەن و ئەو بەدیهێناون و دروستی کردوون).

وە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴾ [الأنبياء: ٢٦] .

واتە: (موشریك و بێ باوەڕەکان وا گومانیان دەبرد کە خوای گەورە منداڵی بۆ خۆی داناوەو دەیان وت: فریشتەکان کچی خوان، پاکو بێگەردی و بەرزی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە زۆر دوورە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن، بەڵکو فریشتەکان بەندەی بەڕێزی خوای گەورەن و بەردەوام خەریکی بەندایەتی و پەرستن و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی

خـواى گـەورەن و بـە هـيچ شـێوەيەك سەرپێـچى فەرمانـەكانى خـواى گـەورە ناكەن ).

﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾،

واتـە: (وە خـواى گـەورە هـيچ وێنـەو هاوشێوەى نىيە).

وە خواى گەورە لـە ئايـەتێكى تـردا دەفەرموێت:

﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ [الشورى: ١١] .

واتە: (خواى تاكو تەنها بىٚ وێنەيەو هيچ شتێك لەو ناچێت و زۆر بيسەرو بينـەرەو هەموو شتێك دەبينێت و هيچ شتێكى لىٚ وون نابێت).

كەواتـە: خـواى گـەورە هـيچ وێـچوو هاوشـێوەيەكى نييـە لـە دروسـت كراوەكـانى، نـە لـە زاتيـداو نـە لـە نـاوە جوانەكانيدا، وە نـە لـە سيفەت و نـە لـە كردەوەكانيـدا، لەبـەر ئـەوەى ناوەكـانى خـواى گـەورە هـەموويان جـوانن، وە سيفەتەكانيشى هەموويان سيفەتى تەواوو گەورەن، وە بە كردەوەكـانى خـۆى و بـە بىٚ هيچ هاوبـەش و هاوەڵێـك ئـەو هـەموو دروسـت كـراوە گەورانـەى بـە ديهێنـاوە،

بۆيە خواى گەورە لەبەر تاكو تەنهايى لـە تـەواوێتى هـەموو ئـەم سـيفەت و نـاوە جوانانەيـدا، هـيچ هاوشـێوەو وێـچويەكى نييە، وە خواى گەورە بيسەرە بۆ هـەموو دەنگێك بـە جيـاوازى زمانـەكان و جۆراو جۆرى پێداويستيەكان و بينەرە بۆ هەموو شتێك.

وە ئـەم ئايەتـەو هاوشـێوەكانى ئـەم ئايەتـە، بەڵگەنـە بـۆ مەزهـەبى ئـەهلى سوننەو جەماعە، لە جێگيركردن و دانانى سيفەتە تەواوەكان بۆ خواى گەورەو نەفى كردن و لادانى هەموو هاوشێوەو وێچويەك بۆ خواى گەورە.

وە دەبێت خواى گەورە بە پـاكو بـىٚ هاوتا دابنێين لەوەى كە وەسفى بكەين بە سـيفەتى دروسـت كراوەكـانى، چـونكە هـەموو ئـەو سيفەتانەى كـە تايبـەتن بـە دروست كراوەكان، ئەوە كـەم وكـوورِى و ناتەواوييان تێدايەو خواى گەورەش پـاكو بێگـەردە لـە هـەموو كـەمو كـوورِى و ناتەواوييەك، وە شايانى هەموو تـەواوى و بـەرزى و گەورەييەكـەو هـيچ هاوشـێوەو وێـچويەك نييـە لـە سـيفەت و نـاوە جوانەكانيدا.

وە نابێت لە هیچ سیفەتێکدا خوای گەورە کە (دروست کارە)، بە دروست کراوەکانی بچوێنرێت یان دروست کراوەکانی بەو بچوێنرێن، وە دروستیش نییە کە وەسفی خوای گەورە بکرێت بە سیفەتێك لە سیفەتە تایبەتیەکانی دروست کراوەکانی، هەروەك چۆن دروست نی یە کە دروست کراوەکان وەسف بکرێن بە سیفەتێك لە سیفەتە تایبەتیەکانی خوای گەورە.

وە لەم سورەتەدا دوو جۆر سیفەتی خوای گەورە باسکراون، ئەوانیش:-

**یەکەم:** ئەو سیفەتانەی کە جێگیرو دانراون بۆ خوای گەورە، کە (الله) سیفەتی پەرستراوێتی خوای گەورە دەگرێتەوە، وە (أحد) سیفەتی تاکو تەنهایی خوای گەورە دەگرێتەوە، وە (الصمد) سیفەتی بێ پێویستی خوای گەورە دەگرێتەوە لە هەموو شتێك.

**دووەم:** بە پاك دانانی خوای گەورە لەو سیفەتانەی کە کەم و کورتیان تێدایەو سیفەتی ناشیاون بۆ ئەو، کە: ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ دەیگرێتەوە.

## ئەو پەندو ئامۆژگاریانەی کە لەم سورەتە وەردەگیرێن:

١- سەلماندن و جێگیر کردنی تاکو تەنهایی خوای گەورە.

٢- تەواوێتی و دەوڵەمەندی خوای گەورەو هەژاری و بێ دەسەڵاتی دروست کراوەکان بۆی.

٣- ڕەددە لەسەر ئەوانەی کە دەڵێن قورئان قسەی (محمد)ە ﷺ.

٤- ڕەددە لەسەر یەهودییەکان کە دەڵێن عوزەیر کوڕی خوایە.

٥- سەلماندن و جێگیر کردنی سیفەتی قسە کردن بۆ خوای گەورە.

٦- ڕەددە لەسەر گاورەکان کە دەڵێن عیسی کوڕی خوایە.

٧- سوربوون لەسەر پشت بەستن بە تەنها بەخوای گەورە، چونکە خوای گەورە تەنهایەو هەر ئەویش جێگای نیازو مەبەستە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان.

٨- ڕەددە لەسەر موشریکەکان کە دەڵێن فریشتەکان کچی خوان.

٩- سوربون لەسەر پەرستنی خوای گەورە بە تەنهاو هاوەڵ بۆ دانەنانی.

١٠- بە پاك دانانى خواى گەورە لە چواندنى بە دروست كراوەكانى.

١١- وەرگرتنى عەقيدەو بيروباوەڕ لە قورئان و سوننەت.

١٢- سەلماندن و جێگير كردنى ئەوەى كە خواى گەورە لە سەرەتاوە هەبوەو هيچ شتێك لە پێش ئەوەوە نەبووە.

١٣- بە پاك دانان و لادانى خێزان لە خواى گەورە.

١٤- ڕەددە لەسەر ئەوەى كە دەڵێت: شتەكان بەهۆى سروشت و لە خۆيانەوە دروست بوون.

١٥- ڕەددە لەسەر ئەوەى كە دەڵێت: خواى گەورە وێچوو هاوشێوەو هاوەڵى هەيە.

١٦- سەلماندن و جێگير كردنى ئەوەى كە تەنها خواى گەورە پەرستراوەو شايانى پەرستنە.

١٧- ڕێزو گەورەيى زانستى تەوحيد و بە تەنها خوا پەرستى.

١٨- سەلماندن و جێگير كردنى سيفەتى (الصمدية) بۆ خواى گەورەو هەر ئەويش جێگاى نيازو مەبەستە بۆ دابين كردنى پێداويستييەكان.

١٩- هەر كەسێك بڕواى تەواوى هەبێت بە تەنهايى خواى گەورەو بەوەى كە تەنها ئەو جێگاى نيازو مەبەستەو وە هەرچيەكى بوێت بە ئاسانى دەيكات ، ئەوە دڵەكەى ڕزگارى بووەو پارێزراوە لە هەموو تاريكايى و گومڕايى و پيسييەك و لە هەموو پەيوەست بوونێك بە غەيرى خواى گەورە.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

## سەرچاوەكان:


١ حمدة التفسير، مختصر تفسير ابن الكثير، للشيخ أحمد شاكر (رحمه الله).

٢-تيسير كريم الرحمن ، للشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي (رحمه الله).

٣- العقيدة الواسطية، شرح:

- الشيخ/ عبدالرحمن بن ناصر السعدي (رحمه الله).
- الشيخ/ محمد خليل هراس (رحمه الله).
- الشيخ/ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله).
- الشيخ/ صالح بن عبدالعزيز الفوزان (حفظه الله).
- الشيخ/ عبدالعزيز المحمد السلمان.